# کۆبەرهەمی هەژار و سەرنجێک

پ. د. هیمداد حوسێن

دەستخۆشـی لـە دەزگای (ڕوانگـە) دەکـەم کـە ئەرکێکـی گـەورەی نەتەوەیـی لـە ئەسـتۆ گرتـووە و کـۆی بەرهەمەکانـی شـاعیر و نووسـەر و وەرگێـڕ و فەرهەنگنووسـی گـەورەی کـورد هـەژار (عەبدولڕەحمان شـەرەفکەندی) لـە دە بەرگـدا چـاپ کـرد و لـە ڕێوڕەسـمێکدا بڵاویـان کـردەوە، ئـەم کارە لەلایـەن مامۆسـتا (مەردۆخ)ـەوە ئامادەکراوە.دیـارە ئەگـەر پێشـتر بانگـەوازی بـۆ بکرابایـە، بێگومـان باشـتر دەبوو، بۆ ئـەوەی بەرهەمەکانـی کاملتـر بێ. مەبەستم ئەوەیـە ئامـاژە بـەو وتـارە گرنـگ و پـڕ بایەخـەی (هـەژار) دەدرا، کـە مـن پێشـتر کارم لەسـەر کردووە و کاتـی ئامادەکردنـی تێـزی دوکتۆراکـەم لـە ساڵی ١٩٩٨ - ٢٠٠٠ دا بـە ناوونیشـانی (ئەدەبـی ڕۆژنامەنووسـیی کوردیـی سـەردەمی کۆمـاری دیموکراتـی کوردسـتان) ئامـاژەم بـۆ ئـەم بابەتـە کـردووە، ئـەم وتـارە لـە (هەفتەنامـەی کوهسـتان)دا بڵاوکراوەتـەوە.


## بارودۆخ و ناساندنی ڕۆژنامەی کوهستان

هـاوکات لەگـەڵ ڕووداوەکانی کۆمـاری دیموکراتی کوردسـتاندا، ڕۆژنامەنـووس و ڕووناکبیرانـی کـورد لـە تارانـی پایتەخـت و لـە شـارەکانی سـنە و کرماشـان و هەنـدێ شـوێنی دیکـەدا، بەهـۆی بارودۆخـی پەشـێو و پـڕ لـە ئـاژاوەی ئێـران لـە ڕۆژگاری دووەمیـن جەنگـی جیهانیدا و لایەنگیریی ئەڵمانیـا و هاتنـە سـەر کاری حەمـە ڕەزا شـا و گۆڕانـە یـەک لـە دوای یەکەکانـی کابینـەی

حکوومەت، بوارێکی ئەوتۆی بۆ ڕۆژنامەوانی و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن خوڵقاندبوو کە بتوانن بوێرانە بەڕووی سەرکردە سپاییەکان و ئەو بارودۆخەدا دەنگ هەڵبڕن، کە لە ئەنجامی داگیرکردنی ئینگلیز و ئەمریکا لە باشوور و یەکێتیی سۆڤیەت لە باکوور و باکووری ڕۆژئاوا خوڵقابوو.

هەندێ ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوە بە ڕەسمی و بە غەیرە ڕەسمی لەلایەن دەوڵەت، یان داوکاریی خەڵکی ڕووناکبیر و سەربەخۆ بڵاو دەکرانەوە، ئەو بڵاوکراوانە، زۆربەیان بە زمانی فارسی و لە پاڵیشیدا هەندێ نووسینی کوردییان بڵاودەکردەوە. هۆکاری یەکەمیش ئەوەبوو، خوێندن و نووسینی کوردی باوی نەبوو، یان نەدەخوێنرا و ئەو مافە ڕۆشنبیرییەیان لەلایەن شاوە لێ زەوت کرابوو، بۆیە ڕۆژنامە بە زمانی فارسی بەنێو هەموو توێژ و چینێکدا بڵاو دەبووەوە و هەر لەو کاتەدا تاکە ڕێگەیەکی پێوەندی و گەیاندنی مەبەست و داواکارییەکان بووە، بە کاربەدەستانی دەوڵەت.

لەو دەمەدا دەوڵەت ڕێگەی بە میرزا غولام عەلی کرمانشاهی داوە ڕۆژنامەی (نامەی کوردستان) بڵاوبکاتەوە، بەڵام تەنیا یەک ژمارەی لێ بڵاوکردووەتەوە، دواتریش بۆ بەرەنگاری و دژایەتی ڕۆژنامەوانیی کۆمار، دەوڵەت هەر لە شاری سنە ڕۆژنامەی (زاگرۆس)ی دەرکردووە. چەند ڕۆژنامە و گۆڤاری ناو بەناو لە شاری تاران و کرماشان و سنە دەردەچوون لەوانە: (پیک کرد) و (درفش) و (دیدنی ها) و (اریز) و (اریا) و (انقلاب کاوه) و (ایران جوان) و (تحفه) (١)، بەڵام زانیارییەکی ئەوتۆمان لەبارەیانەوە نییە و ژمارەکانیشیان بەردەست نین، بۆیە نەمانتوانی هیچیان لەبارەوە بنووسین. لەنێو ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەدا، بە تەمەنترینیان



**هەژار موکریانی**

ڕۆژنامەی (کوهستان)ـە کە هاوکاتە لەگەڵ ڕووداوەکانی کۆمار و گرنگییەکی تایبەتی بە ئازار و مەینەتییەکانی خەڵکی ناوچەکە داوە و تا ڕادەیەکی زۆریش هاوسۆزی کۆمار بووە.

سەرنووسەرەکەی (د. ئیسماعیل ئەردەڵان)، پیاوێکی زیرەک و دۆستی شاعیر و نووسەر و پیاوە ڕووناکبیرەکانی کورد بووە، لەنێو ڕۆژنامەکەدا، بانگەوازی برایەتی و چارەسەری ئاشتییانەی دۆزی کورد کراوە و پیرۆزبایی لە ڕۆژنامەوانیی کۆمار، بەتایبەتی ڕۆژنامەی (کوردستان) کردووە و پەرەگرافیشی لەوێ وەرگرتووە و جارێکی دی بڵاوی کردووەتەوە. شاعیر و نووسەرانی ئەو سەردەمەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و باشووریش هاوکارییان کردووە. (پیرەمێرد) و (هەژار) و (حەسەنی قزڵجی) و (هێمن) و (جەعفەری کەریمی) و (صدیق حەیدەری)، کە ئەم دووانەی دوایی دواتر لە وەزیر و کاربەدەستانی کۆمار بوون، لێکۆڵینەوە لە ڕۆژنامەکە ئەو ڕاستییانەمان زیاتر بۆ

دەردەخـات.

ڕۆژنامــەی (نامــەء کوهســتان)، ڕۆژنامەیەکــی هەفتانــە بــوو، واتــا هەفتەنامەیــەک بــوو کــە هەمــوو ڕۆژانــی دووشــەممە بڵاوکراوەتــەوە، ناوەکــەی (نامــەء کوهســتان) پێکهاتــووە لــە (کوە+ ستان)، (کوە)، بــە واتــای کێــو، یــان چیــا دێــت و (ســتان)یش وەک پاشــگرێک لــە زمانــی ئاوێســتایی و پەهلــەوی و کوردی و فارســیدا بــۆ شــوێن بــەکار دێــت و هەمــوو بەســەر یەکــەوە (کێوســتان)، یــان بــە دەســتەواژەیەکی دی، ناوچەیەکــی شــاخاوی، کــە ئەمــەش وەک ئیدیەمێــک بــۆ (کوردســتان) بەکارهاتــووە، کــە ناوچەیەکــی شــاخاوییە.

لــە بارودۆخــی سیاســی ئــەو ڕۆژگارەی دووەمیــن جەنگــی جیهانــدا، ناوچــەی موکریــان، بەهــاوکاری سـۆڤیەت و هێزەکانــی ئینگلیـز، هەوڵــی ئـازادی دەدا و دەوڵــەت لــە ســەرکردەکانی حزبــی دیموکرات نــاڕازی بــوو، زەحمــەت بــوو داوای ئیمتیــازی ڕۆژنامەیــەک بــە نــاوی (کوردستان)ــەوە بکرێــت، ئەمــە لــە لایــەک، لەلایەکــی تریشــەوە بــە ماوەیەکــی کــەم بــەر لــە ڕۆژنامــەی (نامــەء کوهســتان)، ئیمتیــازی ڕۆژنامەیــەک بەنــاوی (نامــەء کوردســتان) لــە شــاری ســنە بــە ســەربازی نەناســراوی ڕۆژنامەوانیــی کــوردی (میــرزا غــوڵام عەلــی هۆشــمەندی کرماشــانی) درابــوو و تاقــە ژمارەیەکیشــی لــێ بڵاوکرایــەوە.(٢)، کەوابــێ (نامــەء کوهســتان) دووەمیــن ڕۆژنامــەی ڕێگــە پێدراوی دەوڵــەت بــووە لەبــارەی کــورد و کاروبــاری ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان. ڕۆژنامــەی کوهســتان یەکەمیــن ژمــارەی لــە ڕۆژی (دووشــەممە ٢٦ی شــوباتی ١٩٤٥ دەرچــووە و بەپێــی گــەڕان و بەدواداچوونــی مــن، تــا ژمــارەی (٨٤)ی لــێ دەرچــووە کــە دەکەوێتــە ڕیکەوتــی ڕۆژی دووشــەممە ٣ی ئــاداری ١٩٤٧، واتــە لــە ڕۆژگاری سەربەســتی ڕۆژنامەوانــی لــە ئێــران دەرچــووە، لــەو ڕۆژگارەدا (نامــەی کوهســتان) و ڕۆژنامەکانــی دی بــە شــێوەیەکی گشــتی بەوپــەڕی سەربەســتییەوە هێرشـیان دەکـردە سـەر کەموکورتییەکانی دەوڵـەت و کەسـانی ناسـراو لـە پۆسـتی وەزارەت. (طاهـر خلـف البـکاء) دەڵـێ: ((ڕۆژنامەوانی کاریگەرییەکی دیـار و بەرچـاوی لـە ڕیزەکانـی جەمـاوەری ئێرانیـدا هەبـوو، هەندێکیـان جەماوەریـان دژی سیاسـەتی حکومـەت هـان دەدا و هەندێکیشـیان ستایشـیان دەکـرد، ئـەو تەنگوچەڵەمــە ئابوورییــەی ئــەو ڕۆژگارەی ئێــران تێیـدا دەژیـا، بابەتێکـی گرنـگ بـوو بـۆ ڕۆژنامـە و وریاکردنـەوەی خەڵـک لـە ناهەموارییەکانـی وەزارەتـە جیـاوازەکان))(٣).

تەنانــەت ئــەو سەربەســتییەی ڕۆژنامــەکان وای لــە ســەرۆک وەزیــران (قــوام السـلطنە) کـرد، کـە بڕیـاری داخسـتنی گشـت ڕۆژنامـەکان بـدات، تەنیـا چــوار ڕۆژنامــە بــە سەرپەرشــتیی حکوومــەت بهێڵێتــەوە(٤)، پاشـان ئـەم هەنـگاوە سـەری نەگـرت و کابینــەی (قــوام السـلطنە)یش هەڵوەشـایەوە.

لەســەر ڕووپــەڕی پێشــەوەی ڕۆژنامەکــەدا بــە تەنیــا نــاوی خــاوەن ئیمتیــاز و بەڕێوەبــەری بەرپــرس کــە (دوکتــۆر ئیســماعیلی ئەردەڵان)ــە نووســراوە و نــاوی دەســتەی نووســەران و کارمەندانــی ڕۆشــنبیری و هونــەری ڕۆژنامەکــە نەنووســراوە، لەبــارەی ژیــان و کەســێتی (دوکتـۆر ئیسـماعیلی ئـەردەڵان) ڕۆژنامـەی کوردستان لە ڕێپۆرتاژێکدا نووسـیویەتی: (.. جەنابـی ئاغـای دوکتـۆر ئیسـماعیلی ئـەردەڵان پیاوێکـی متەوازیـع و موئـەدەب و بەویقـارە، لـە قسـەکردندا مەتیـن و ئارامـە.. خـۆی دەپارێـزێ. فـازڵ و دانشـمەندە، لـە تەمەنـی ٣٣ سـاڵیدایە، شـەش سـاڵ و نیـو لـە پاریـس پایتەختـی فەڕەنسـا خوێندوویەتـی.. لـە دانیشـکەدەی دامپزیشـکی تارانـدا سـنتی ئەسـنادی هەیـە..). لـە یەکـێ لـە ئاگادارییەکانـی ڕۆژنامەکــەدا هاتــووە، ناوبــراو چەنــد زمانیکـی زانیـوە و کـورد بـووە و نیشـتەجێی تـاران بــووە، لــە هەڵبژاردنــی ســاڵی (١٩٤٧)ی پەرلەمانــی

ئێرانـدا وەک نوێنــەری شـاری سـەقز لەگـەڵ دوو نوێنــەری دی خـۆی کاندیـد کـردووە، بـەڵام دەرنەچووە و دەوڵــەت خـۆی خەڵکـی تـری دەستنیشـان کـردووە. پیاوێکـی نیشـتمانپەروەر و کوردێکـی دڵسـۆز بـووە و خۆشەویسـتییەکی تایبەتـی لـە دڵـی خەڵکـی کوردسـتاندا هەبـووە و شـانازی بـە کوردایەتـی خۆیـەوە کـردووە. دۆسـتایەتی لەگـەڵ حکومەتـی کوردسـتان لـە مەهابـاد (١٩٤٦)دا هەبـووە، تەنانـەت لـە یەکەمیـن ژمـارەی ڕۆژنامـەی (کوردسـتان)ی کۆمـای دیموکراتـی کوردسـتاندا، سپاسـی دوکتـۆر ئیسـماعیل و دەوری ڕۆژنامــەی (نامـەی کوهسـتان)یان کـردووە، پاشـان ژمارەکانـی (١-٤)یـان بـۆ ڕەوانـە کـردووە، ئەویـش لەبەرانبـەر ئـەوەدا سپاسـنامەی بـۆ سـەرکردەکانی کۆمـاری دیموکراتـی کوردسـتان و کارمەندانـی ڕۆژنامـەی (کوردسـتان) نووسـیوە و هەنـدێ هـەواڵ و نووسـینی نـاو ڕۆژنامەکـەی بـە فارسـی بڵاوکردووەتـەوە، لەبەرانبـەر هاتنەکایـەی کۆمـاری دیموکراتـی کوردسـتان و دیـداری پێشـەوا قـازی محەمـەد لەگـەڵ حکومەتـی ئێـران لـە تـاران و خواسـتی کـورد بـۆ سـەربەخۆیی، بەرگـری زۆری کـردووە و چەنـد جارێـک بـە شـێوەزارێکی ڕەخنەئامێـزەوە ڕەخنـەی لـە حکومـەت و سوپا گرتـووە لەکاتـی هێرشـیان بـۆ سـەر کوردسـتان، تەنانـەت بوێرانـە بەرپەرچـی ڕۆژنامەکانـی ئـەو سـەردەمەی وەک (اطلاعـات) و (یـادگار) و (کیـوان) و (سـتارەغرب) و چەنـد ڕۆژنامـە و گۆڤـاری دیکـەی لەسـەر مەسـەلەی مەهابـاد و زمـان و ئەدەبـی کـوردی و سـەربەخۆیی کـوردی داوەتـەوە (٥).

سـەرچاوەی ماددیـی ڕۆژنامەکـە وا دەردەکەوێـت، بەشـێکی زۆری لـە ڕێگـەی ئابوونـەی سـاڵانەی خوێنەرانـەوە بـووە، چونکە وەک لـە زۆربـەی ژمارەکانـی ساڵی دووەمدا دیارە داوا لـە بەشداران دەکا ئابوونـەی سـاڵانەیان دوا نەخـەن و ڕۆژنامەکـە لـەکار نەکەوێـت، تەنانـەت گەفـی ئـەوەش لەوانـە دەکات کـە ئابوونەیـان نـەداوە، ڕۆژنامەیـان بـۆ ڕەوانـە کـراوە بـەوەی کـە ناویـان لـە ڕۆژنامەکـەدا بڵاودەکاتـەوە، ئەمـەش بەشدارانی باشـووری کوردسـتانیش دەگرێتـەوە، بۆیـە دەڵـێ: ((بـاوەڕ پێکراوەکانـی ئێمـە لـە عێـراق تـا ئێسـتا پـارەی ڕۆژنامەیـان بۆمـان نەنـاردووە، بـەدەل ئیشـتراکی عیددەکیـش لـە موشـتەرەکینی ئێمـە نەگەیشـتووە، ڕۆژنامـە وەختـێ دەتوانـێ بەئینتیشـاری خـۆی ئیدامـە بـدا، کـە پـارەی ببـێ. هیوامـان وایـە، کـە خوێنـدەوارە خۆشەویسـتەکان باعیسـی تەعتیلـی ڕۆژنامـەی کوهستان نەبن و بە زودی موتالەبەتێکمان، کـە هەیـە بۆمـان بنێـرن)) (٦).

وەک پێداویسـتییەکی ڕۆژنامەوانـی، ڕۆژنامەکـە لەسـەرجەم ژمارەکانـدا ئەدرەسـی تـەواوی خـۆی نووسـیوە و ئابوونـەی سـاڵانە، کـە (٢٠٠ ریـاڵ) بـووە و تـاک ژمـارەی بـە (٤ ریاڵ) بـووە نووسـیوە، هەروەهـا نووسـراوە (ئـەو وتارانـەی دەگاتە (دەگەنـە) ڕۆژنامەکـە نادرێنـەوە بـە خاوەنەکانیـان و کارگێڕیـی ڕۆژنامـە لـە ڕیزبەنـدی نـاو ڕۆژنامەکـە و سڕینەوە و چـاک کردنەوەیانـدا ئـازادە).

سـەرجەم ژمارەکانـی بەردەسـتی ئێمـە وا دەردەخـەن، لـە ژمارەکانـی (١-٤٨) لـە چاپخانـەی (کشـاورزی) و ژمارەکانـی (٤٩-٦٣) لـە چاپخانـەی (شـرکت مطبوعـات) و ژمارەکانـی (٦٤-٨٤) لـە چاپخانـەی (مظاهـری) چاپکـراوە.

## نامەی کوهستان، لە دڵی خوێنەر و ڕۆشنبیراندا

ڕۆژنامـەی (نامـەی کوهسـتان) جەماوەرێکـی زۆری لـە نـاوەوەی ئێـران و لـە نێـو ڕۆشـنبیرانی باشـووری کوردسـتاندا هەبـووە، لەبـارەی خۆشەویسـتی ڕۆژنامەکـە و سەرنووسـەرەکەیەوە لـە کوردسـتانی ئێـران (هـەژار) دەڵـێ:

**کوردە کوهستان پەنا و ئەنواتە**
**لە تەگەزاراندا باب و براتە**

**کوهستان یانی کوا هەستان لە خەو**
**بۆ بێ هەستە لە ڕووبەری کەو**
**هاواری تۆی لە پایتەختەکەت**
**بۆت تەخت دەکا ڕێگا سەختەکەت**
**کوهستان بۆ کورد هومێدی و قەڵا**
**خوا بتپارێزێ لە دەرد و بەڵا**

یـان (حەسـەن قزڵجـی) لـە بـارەی ئـەوەوە، کـە ڕۆژنامەکـە لـە بڵاوکردنـەوەدا ژمارەیەکـی دواکەوتـووە و چووەتـە پۆسـتەخانە ئـەو ڕۆژە نەگەیشـتووە، دەڵـێ:

(ئەمـڕۆ کـە پۆسـتە هـات و دوای ئـەوە کـە هەمـوو چاوەڕێـی نامـەی کوهسـتان بوویـن و نەهاتبـوو بـە گوتـەی کـوردی (چـاوی ڕەشـمان کاڵ بـۆوە).

تا لە کۆتاییدا دەڵێ:

**ڕەوشەن کە چاوی منتظرانت بە گەردی ڕێت**
**تـۆ دەمـی بـۆ نـووری دیـدەی مـن دی بـە پێتەوە**
(٩)

لـە باشـووری کوردسـتانیش (پیرەمێـرد)ی شـاعیر و ڕۆژنامەنـووس ستایشـی ڕۆژنامـەی (نامـەء هفتگـی کوهسـتان) دەکا و دەڵـێ:

(خـودا بەرخـورداری کا دوکتـۆر ئیسـماعیل ئەردەڵانـی، کوهسـتانی سـەربڵندە ڕەدیفـی ئەلبوورزێکـە، ان شاءالله ژینـی (ژیـن)ی ئەبـێ کـە ٢١ سـاڵە و خۆشـی پیـری (پیرەمێـرد)ی ئاخـر خێـری دەبـێ) (١٠)

(حاجـی باقـی بەنگینـە)ی شـاعیری میللـی بەهـۆی ڕۆژنامـەی (ژین)ـەوە دروود بـۆ کوهسـتان ڕەوانـە دەکا و دەڵـێ:

**بنووسە تازەی من بۆ کوهستان**
**چیرۆکی تازەی خانی ئەردەڵان**
**گیانی شیرینم شیرین کوهستان**
**لاپەڕەی مەردیت کەوتۆتە مەیدان**
**دەس نێژی خاسی دانای دەبیران**
**ڕووناکی چاومی کوردانی ئێران**
**خۆش نشینەکەی پایتەختی تاران**
**دڵسۆزە زانا بۆ گشت کوردستان** (١١)

هەروەهـا هەنـدێ لـە ڕووناکبیرەکانـی دیکـەی ئـەو سـەردەمەی باشـووری کوردسـتان بەرهەمـی خۆیـان، یـان شـیعری شـاعیرانی کوردسـتانیان بـۆ ڕۆژنامەکـە ڕەوانەکـردووە. لەوانـە (زێـوەر)ی شـاعیر شـیعری خـۆی ڕەوانـە کـردووە کـە سـەرەتاکەی بـەم بەیتـە دەسـت پـێ دەکات:

**تکانی ئابڕووی چەمەن بە ڕووی ئابدارەوە**
**شکانی نرخی نەستەرەن، بە زوڵفی مشکبارەوە**
(١٢)

زەکـی ئەحمـەد هەنـاری لـە کۆیـەوە چەنـد جارێـک شـیعری شـاعیرانی بـۆ ڕەوانـە کـردوون (١٣).

لـە دوا لاپـەڕەی ژمـارە (١٨)دا، عەبدولڕەحمـان شـەرەفکەندی (هـەژار)، لـە (بۆکان)ـەوە لـە وتارێکـدا، کـە لـە شـێوەی نامەدا بۆ سەرنووسـەری ڕۆژنامـەی (نامـەی کوهسـتان)ی ڕەوانـە کـردووە، نارەزایـی خـۆی بەرانبـەر بـە قەدەغەکردنـی زمـان و ئەدەبیاتـی کـوردی دەردەبـڕێ و هیـوای ئـەوە دەخـوازێ زیاتـر گرنگـی بـە زمانـی کـوردی بـدەن، قورئـان و ئایینـی ئیسـلام جەخـت لەسـەر گرنگـی زمـان دەکاتـەوە کـە بەهرەیەکـی خوداییـە و دەڵـێ: (ومـن آیاتـه خلـق السـماوات والأرض واختـلاف السـنتكم والوانكـم ان فـي ذلـك لآيـات للعالميـن).

## دەقی وتارەکەی هەژار
## ڕێگرتن لە بەهرەی خودایی

بەڕێـز بەڕێوەبـەری نامـەی کوهسـتان، نامـەی بەڕێزەکـەی جەنابـی عالیتانـم لـە ژمـارەی یەکەمـدا خوێنـدەوە و بـە ویژدانـەوە دەڵێـم ئـەوەی مـن بـۆی

دەچووم زمانی کوردی هەر ئەوەیە، بەڵام هەتا هەنووکە ژمارە وا (١٣)ـەشمان پێ دەگات، ئێوە تەنیا تێکەڵ بە شتە لاوەکییەکان دەبن، هەر بۆ نموونە سکاڵا و ڕەخنە لە کاربەدەستان و ئەو جۆرە شتانە لەکاتێکدا کوردستان لە ڕۆڵەیەکی بەجەرگی وەکوو ئێوە چاوەڕوانی زۆر شتی لەوە باڵاترە.

ئەمڕۆ کوردستان پێویستی بە بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی هەموو لایەنە کۆمەڵایەتییەکان هەیە، بەداخەوە بەرتەسکی لاپەڕەکانی نامەی کوهستان ڕێگەی ئەوەم پێ نادا بە دووردرێژی ئەوە کە شایستەیە مەبەست ڕوون بکەمەوە، ناچار بەکورتی لە ڕیگەی ئەو نامە بەڕێزەوە دەمەوێ بابەتێکی بنەڕەتی بخەمە بەرچاوی دەوڵەت:

یەکێ لە کانگا گرنگ و چارەنووسسازەکانی کوردستان ئەوڕۆ زمانە، تاوەکوو ئەمڕۆ لە هیچ دەور و زەمانێکدا مێژوو ئەوەی نیشان نەداوە کە زمانی میللەتێک قەدەغە کرابێ و لە سەردەمی ئێستاش نموونەی ئەم کارە بێجگە لە ئێران لە هیچ سووچێکی دنیادا بەدی ناکرێ، لە وڵاتی یەکێتیی شورەویدا میللەتان هەموو ئازاد و زمانەکەیان بە ڕەسمی دەناسن، لەنێو ئیمپراتۆریەتی ئینگلیزیدا میللەتان بە گشتی لە بەکارهێنانی زمانیاندا ئازادن، لە ئەمریکا و فڕەنسایش هەر بەو شێوەیەو..

لەسەرووی هەموو ئەوانەشەوە گرنگیی زمان لە نەزەری قورئانیش باڵایە، بە شێوەیەک لە سورەتی (الروم)، ئایەتی (٢١)دا دەفەرموێ: (ومن آیاته خلق السماوات والأرض واختلاف السنتكم والوانكم ان في ذلك لآيات للعالمين) واتە: یەکێ لە ئایات و باڵا دەستییەکانی خوای گەورە ئەوەیە، کە دروستکردنی زەمین و ئاسمان و جۆراوجۆری زمان و ڕەنگی ئێوەیە بەشێوەیەک کە تێیدا نیشانەیەکە بۆ جیهانییان.

لەکاتێکدا کە خودای تاک و تەنیا زمانی بەرانبەر ئاسمان و زەمین قەرار داوە و ئەوەندە بە پایەیەکی گرنگی ئەژماردووە، ئایا دەکرێ بەزەخت و زۆرداری ئەو بەهرە خوداییە دەنێو ببرێ. بە گەواهی مێژوو لە شەش هەزار ساڵ لەوە پێشەوە زمانی کوردی خۆی بە پاک و بێگەردی هێشتووەتەوە، تێکەڵ بە هیچ زمانێکی بێگانە نەبووە، ئایا دەشێ زمانێک بەو ڕابوردووە مێژووییەوە، بەو ئەدەبیاتە بەرزەیەوە ڕەش بکرێتەوە و نابوود بکرێت؟

نەخێر!

ڕێگرتن لە بەهرەی خودایی و شەڕ دەگەڵ سروشت لە هیچ ئان و زەمانێکدا و بۆ هیچ کەس مەیسەر نەبووە و کەس لە توانایدا نەبووە و نابێت، بێت بەو بیرە تاریک و ڕزیوانە بەڕێوە بچێت و سووکایەتی بە قورئانی پیرۆز و یاسا بنەڕەتییەکانی ژیان بکات، هۆکاری قەدەغەکردنی زمانی کوردی و نەدانی ئیمتیازی ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی و ڕێگرتن لە خوێندن بە زمانی شیرینی کوردی چییە؟

بۆچی دەوڵەت هەمیشە ڕووی خۆی لەو مەسەلانە وەردەگێڕێ؟ ئەگەر دەوڵەت ئامادەبێت لەو مەسەلانە بکۆڵێتەوە، ئێمە بە ئاسانی دەتوانین بۆیان بسەلمێنین، کە ڕێگە ئاسانکردن بۆ زمانی کوردی نەوەکوو هەر زیانی نییە، بەڵکە دەبێتە هۆی هاندان و هومێدێکی گەورە لە بۆ هەموو کوردان.

**عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی — بۆکان**

* * *

ئەم وتارە کورتە سەرەتاکانی نووسینی مامۆستای نەمر هەژاری موکریانییە و ئەو کاتە ساڵی ١٩٤٥،

**سـەردەمی خۆئامادەکـردن بـۆ دامەزراندنـی کۆمـاری کوردسـتان لـە مەهابـاد بـوو، سـەردەمی بزووتنـەوەی کوردایەتـی بـوو، نووسـەرانی وەک هـەژار و هێمـن و حەسـەنی قزڵجـی و عەبدولڕەحمانـی زەبیحـی لـەو ڕۆژگارەدا بـە نووسـین و شـیعرەکانیان خەڵکیـان هـان دەدا، لـەو کاتـەدا هەفتەنامـەی کوهسـتان لـە تـاران بـە زمانـی فارسـی دەردەچوو، کـە دوکتـۆر ئیسـماعیل ئـەردەڵان خاوەنـی ئیمتیـازی و بەڕێوەبـەری بەرپـرس بـوو، دەروازەیەکـی بـاش بـوو بـۆ هاندانـی خەڵکـی لەبـەر کـوردی نووسـین و ناسـاندنی کێشـەی کـورد بـە خەڵکـی و ناڕەزایـی دەربڕیـن بەرانبـەر کارە چەوتەکانی کاربەدەسـتانی حکوومـی، لـەو ڕوانگەیـەوە چەنـد جارێـک هـەژار موکریانـی بـە شـیعر و بـە نووسـین بەشـداری کـردووە، بـۆ زانیـاری زیاتـر دەربـارەی ئـەو هەفتەنامەیـە لەلایـەن بەنـدەوە لێکۆڵینەوەیەکـی ئەکادیمـی نووسـراوە و بڵاوکراوەتـەوە. سـەیری گۆڤـاری (سـەنتەری برایەتـی)، ژمـارە (٥)، ل٣٨-٥٦ بکـەن.**

**پەراوێزەکان:**

(١) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: احمـد شـریفی، بیبلوگرافی مطبوعـات کردسـتان، روزنامـە ابیدر، ش چلهـم، س٢، ١٣٧٧ و ژمارەکانـی دواتـر.

(٢) ناصـری توانـا، بـە ناوونیشـانی (چارەنووسـی ڕۆژنامەنووسـێک)، لـە وتارێکـی بەنرخـدا دەربـارەی ئـەم ڕۆژنامەیـە دواوە و گوایـە سەرنووسـەرەکەی (محمد جوهـری سـعید دیوان) بووە و سەروتاریشـی بـە قەڵەمـی شـێخ محەمـەد مەردۆخـی کوردسـتانی نووسـرابوو، ئـەم ڕۆژنامەیـە هـاوکات لەگـەڵ ناردنـی هێزەکانی دەوڵـەت بۆ سـەرکوت کردنـەوەی هێزەکانی سمکۆی شـکاک دەرچـوو و لـەو چاپخانەیـەش چاپ دەکرا کە میرزا غـوڵام عەلی هۆشـمەندی کرماشـانی هێنابوویە شـاری سنە، بۆ زانیـاری زیاتر بڕوانـە:

ناصـر توانـا سرنوشـت یـک روزنامەنـگار، نامـەی کوهسـتان، شـمارە (٨)، ٢ شـنبە ٢٧ فروردیـن، تهران، ١٣٢٤، ص٤- ٥، ئـەم وتـارە لەلایـەن بەنـدەوە تەرجەمـەی کـوردی کـراوە، تەماشـای: گۆڤـاری ڕامـان ژ٢٣، ١٩٩٨، ل٢٣١ بکـرێ.

هەروەهـا دەبـێ ئـەوەش بڵێیـن لـە ڕۆژگاری دووەمیـن جەنگـی جیهانیـدا، حکوومـەت ڕێگـەی دەرچوونـی ڕۆژنامەیەکـی لـە شـاری سـنە بەنـاوی (زاگرۆس)ـەوە دابـوو، بـەڵام دوای گەڕانـەوەی سـوپا بـۆ مەهابـاد، ئیمتیـازی ڕۆژنامەکەیـش ڕەت کرایـەوە تەماشـای:

طاهـر خلـف البكاء/ التطـورات الداخليـة فـي ايـران، ص ٢٢١ بکـرێ.

(٣) طاهـر خلـف البكاء، التطـورات الداخليـة فـی ايـران، ص١٢٥.

(٤) سـەرچاوەی پێشـوو، هەنـدێ زانیـاری لـەو ڕووەوە هێناوەتـەوە کە چۆن پاشـانیش لێپرسـراوانی حکوومـەت بەدەسـت ڕۆژنامەکانـەوە هەراسـان بـوون و داوای سانسـۆریان کردووە، تەماشـای: ل١٢٦-١٢٨. احمـد عبدالكريـم، الصحافـة الايرانيـة، ص١٢ بکـرێ.

(٥) هەنـدێ زانیـاری لـە نامـەی جەلیـل گادانـی بـۆ لێکۆڵـەری ئـەم باسـە هاتـووە، کـە ئەوانیـش پێوەندییـان بـە چالاکـی ڕۆژنامەوانـی و سیاسـەتی دوکتـۆر ئیسـماعیلی ئەدەڵانـەوە هەیـە، لـە ڕۆژنامـەی کوردسـتان، ژ٨٥دا هاتـووە: نامـەی کوهسـتان پـاش چەنـدان سـاڵ بێهۆشـی و بێدەنگـی لـە دەمێکدا، کـە تـاران کانوونـی ارتجـاع بـوو، نێـوی کـوردی زینـدوو کـردەوە.

(٦) نامەء کوهستان ژ (٧٦-٧٩)، ١٩٤٧.

(٧) نامەء کوهستان، ژ (٤٣)، ای بهمن ١٣٢٤.

(٨) نامەء کوهستان، ژ (٢١)، ٢٥ی تیرماه ١٣٢٤.

(٩) نامەء کوهستان، ژ (٢٠) س١، ١٩٤٥، ل٧.

(١٠) پیرەمێـرد، سـەدایەکی ئاشـنا، ڕۆژنامـەی ژیـن، ژمـارە (٨٥٥)، س٢، پێنـج شـەممە ١٩٤٦/١/١٦.

(١١) نامەء کوهستان، ژ (٧٥)، س٢، ١٩٤٦، ل٥.

(١٢) نامەء کوهستان، ژ (٧٨)، س٢، ١٩٤٦، ل٥.

(١٣) نامەء کوهستان، ژ (٥٠،٧٠)، ١٩٤٦.